سودانی پشوازییکرد لە وزیری تەندروستی حکومەتی هەرەمی کوردستان

محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، جەختی لە پێویستی هەماهەنگی بەردەوامی نێوان بەڕێوەبەرایەتییە تەندروستییەکانی فیدراڵی و هەرەمەکان کردەوە، بە یەکخستنی هەوڵە تەندروستییەکان لەپێناو پشکشکردنی باشترین خزمەتگوزاریی تەندروستی بە هاوواڵاتیان.

بەپێی نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بە ئامادەبوونی ساڵح حەسناوی وەزیری تەندروستی حکومەتی فیدراڵ، پشوازیی لە سامان حسێن بەرزنجی وەزیری تەندروستی لە حکومەتی هەرەمی کوردستان کرد، ئاماژەی بەوەشکرد لە دیدارەکەدا باس لە گرنگی حکومەت کرا بە کەرتی تەندروستی بەمەبەستی پشخستنی و پەرەپێدانی ئاستی خزمەتگوزارییە چارەسەری و پزیشکییەکان کە پشکش بە هاوواڵاتیان دەکرێت لە سەرتاسەری وڵاتدا.

سەرۆک وەزیران جەختی لە پێویستی هەماهەنگیی بەردەوام لە نێوان بەشی تەندروستی فیدراڵی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی هەرەم کردەوە، بەشێوەیەک کە هاوکار بێت بە یەکخستنی کار و یەکخستنی هەوڵە تەندروستیەکان بە تەپڵاندنی ئاستەنگەکانی پشکشکردنی باشترین خزمەتگوزاری تەندروستی بە هاوواڵاتیان.